# ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ئێران

هەڵۆ ڕەمشتی



هەڵبژاردن ئامرازێکی دێموکراتییە بۆ بەشداری سیاسیی خەڵک لە دیاریی کردنی چارەنووسی سیاسیی و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی دەسەڵات و حوکمڕانییەکی دێموکراتیک کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە خەبات و قوربانیدان بە دەستی هێناوە. بەڵام ئەم ئامرازە دێموکراتییە تەنیا لەو سیستەمە سیاسیانەدا مانای ڕاستەقینەی هەیە کە ئازاد و دێموکراتیک بن و لە ڕێژیمە توتالیتاری و دیکتاتۆرییەکاندا وەک ئامرازی قایم کردنی پێگەی دەسەڵاتداران بە کار دەهێنرێ. ئەمە واتای هەڵبژاردنە بە کورتی، بەڵام هەڵبژاردن لە ئێران و هەڵبژاردنی مەجلیسی ئێران لەماوەی زیاتر لە سێ دەیە ژیانی ئەم ڕێژیمە و مێژووی دروستبوونی مەجلیس لە ئێران لەوانەیە لای هێندێک نەزانراو یان لەبیرکرابێ.

دروستبوونی یەکەم مەجلیس لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی «شۆڕشی مەشرووتە»، و بڕیارەکەی لە ١٤ی گەلاوێژ(مۆرداد)ی ساڵی ١٢٨٥ لە لایەن موزەفەرەدین شاوە واژووی بۆ کراوە. لە ساڵی ١٢٥٨ی هەتاوی تا ١٣٦٨ بە ماوەی ٨٣ ساڵ بوونی هەبووە، تەنیا لە ساڵی ١٣٦٨ لە پێداچوونەوە بە یاسای بنەڕەتی، ناوی مەجلیسی شۆرای میللی گۆڕدرا بە شۆرای ئیسلامی.

بە پێی برگەی (ئەسڵ)ی ٦٢ی یاسای بنەڕەتی ئێران نوێنەرانی خەڵک لە مەجلیس شۆرای ئیسلامی ڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ و ماوەی ئەندام بوون لە مەجلیسدا چوار ساڵە و کاتی هەڵبژاردنەکانیش دەبێ پێش ماوەی تەواوبوونی ئەو چوار ساڵە بێ. کۆی گشتی نوێنەرانی لە مەجلیس پێشتر ٢٧٠ کەس بوون، بەڵام ئێستا ٢٩٠ کەسن، بۆ زیادکردنی ئەو ژمارەش دەبێ بەپێی ئەسڵی ٦٤ی یاسای بنەڕەتی زیاد بکرێ.

پاش هەڵبژاردنەکان دەبێ کۆبوونەوەکانی مەجلیس بە بەشداریی ٢ لە ٣ی کۆی ئەندامان بەڕێوەبچێ و واتە هەر کۆبوونەوەیەک کە ئەندامەکانی مەجلیس تێیدا کەمتر بن لە ٢لە ٣ی، بە پێی یاسا ئەو کۆبوونەوەیە یاسایی نییە. لەکاتی شەڕ یا داگیرکراوی ناوچەکان، شۆرای چاوەدێر(نیگابان)، دەسەڵاتی ئەوەی هەیە ئەو ناوچانە بێبەش بکا لە هەڵبژاردن یا ئەوەی هەڵبژاردن بوەستێنێ لە هەموو وڵات و لەو ناوچانەش. بەڵام ئەوەی کە ئەم مەجلیسە چەندە توانیویەتی دەوری چالاکی هەبێ وەک ئۆرگانێکی دەسنیشانکراوی خەڵک و ئەوەی تا چەندە هەڵبژاردن و پاڵاوتنی ئەندامانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی فرت و فێڵ و لایەنی شاراوەی هەیە باسێکی جیا و جێی قسەیە و دابڕاوە لە باسەکەی من کە تەنیا ئاوردانەوەیەکە لە سەر مێژووی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە ماوەی ئەو سێ دەیەیەی کە کۆماری ئیسلامی پێیدا تێپەڕیوە.

مەجلیسی یەکەم

هەڵبژاردنی ئەم مەجلیسە لە ٢٤ی ئێسفەندی ساڵی ١٣٥٨ بەڕێوەچوو، کە زۆربەی چاودێرانی سیاسی ئەو سەردەم بە ئازادترین هەڵبژاردنی تەمەنی کۆماری ئیسلامی ناوی لێ دەنێن و زۆرجار دەڵێن بە قەدر و قیمەتترین مەجلیس بووە لە مێژووی ڕێژیمی ئاخوندیدا. لەو کاتەشدا مەجلیسی شۆرای ئیسلامی هەمان ناوی پێشووی هەبوو واتە مەجلیسی شۆرای میللی.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو دەورەیە ئەوە بوو کە لە سەرەتاکانی شۆڕشدا بەشداریی جۆراوجۆری بیر و بۆچوونە سیاسییەکان لە مێژووی ئێراندا بێ وێنە بووە. بۆ نموونە لەو

> **ئەم ئامرازە دێموکراتییە تەنیا لەو سیستەمە سیاسیانەدا مانای راستەقینەی هەیە کە ئازاد و دێموکراتیک بن و لە ڕێژیمە توتالیتاری و دیکتاتۆرییەکاندا وەک ئامرازی قایم کردنی پێگەی دەسەڵاتداران بە کار دەهێنرێ**

هەڵبژاردنەی کە بۆ یەکەم مەجلیس بەڕێوەچوو، حیزبی کۆماری ئیسلامی، کۆمەڵگای ڕۆحانیەتی موبارز، ڕێکخراوی موجاهدینی شۆڕشی ئیسلامی، نێهزەتی ژنانی موسوڵمان، یەکێتی ناوەندە ئیسلامی، نێهزەتی ئازادیی ئێران، جبهەی میللی ئێران، حیزبی توودە، ڕێکخراوی فیداییانی خەڵکی ئێران، ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵکی ئێران، جاما، جونبشی موبارزی موسوڵمان و تەنانەت دەفتەری هاواهەنگی خەڵک و سەرکۆمار(بەنی سەدر)یش بەشداریی کرد، بەگشتی بۆ ئەو هەڵبژاردنە لە ئێران٢٠ ملیۆن و ٨٥٧ کەس دەیانتوانی دەنگ بدەن کە لەو ڕێژەیە ١٠ ملیۆن و ٥٧٦ کەس بەشدارییان کرد و واتە لە سەدا ٥١ی خەڵک بەشداریی کرد، تەنیا لە کوردستان نەبێ کە ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە سەدا ٢٢ بوو، زۆربەی شارەکان لەسەدا٥٠ی خەڵک بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا کرد. (ئامارەکان بە زۆری لە سەرچاوەکانی کۆماری ئیسلامیەوە وەرگیراون کە بە فەرمی ڕاگەیانراوە). لەو کاتەدا کە شۆرای نیگابان نەبوو هەڵبژاردنی ئەندامانی مەجلیس لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە ئەنجام دەدرا.

بەشێک لە نوێنەرانی مەجلیس لەو ساڵەدا بریتی بوون لە: فەخرەدین حەجازی، حەسەن حەبیبی، عەلی خامنەیی، عەلی ئەکبەری موعین فەر، محەممەد جەواد نێعمەتی کرمانی، محەممەد جەواد باهنر، مەهدی بازرگان، حەسەن ئایەت، محەممەد عەلی ڕەجایی، عەلی گولزادە غەفوور، مستەفا چەمران، هادی غەفاری، ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی، ئیبراهیم یەزدی، عیزەتوڵلا سوبحانی و ئەعزەم تاڵەقانی. بەڵام مەسعوود ڕەجەوی بەرچاوترین کەسی ڕێکخراوی موجاهدین نەیتوانی ببێتە ئەندامی مەجلیس، لەسەر ژماردنی دەنگەکانی مەسعوود ڕەجەوی باسێکی زۆر لە ئارادا بو کە فێڵی تێدا کراوە.

یەکەم سەرۆک مەجلیسی ئێران سوننی بوو و ناوی دکتۆر یەدوڵلا سوبحانی بوو، بەڵام لە یەکەم دانیشتنی مەجلیسدا ئەکبەری هاشمی ڕەفسەنجانی بوو بە سەرۆکی مەجلیس و لەو کاتەوە باسی گۆڕینی ناو لە شۆرای میللییەوە بۆ شۆرای ئیسلامی هاتە گۆڕێ. لە مانگی تیر(پووشپەڕ)ی ١٣٥٩ گۆڕدرا بە ئیسلامی و لە ساڵی ١٣٦٨دا بە فەرمی لە یاسای بنەڕەتی وڵاتدا ئەو گۆڕنکارییە کرا.

مەجلیسی دووهەم

هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەو مەجلیسە لە ٢٦ی فەروەردین (خاکەلێوە)ی ساڵی ١٣٦٣دا بەڕێوەچوو، لەو کاتەدا ئێران لەشەڕی عێراقەوە گلابوو، لە هەڵبژاردنەکاندا باسێک لە حیزب و ئۆپۆزێسیون کەمتر یا هەر لە ئارادا نەبوو. جبهەی میللی ئێران تاوانبار کرابوو بە لادان و موجاهدین و فیداییەکانیش و حزبی توودە ئیمکانی بەشداری سیاسیان کەمرەنگ ببووەوە.

ڕێژەی بەشداریی خەڵک لەسەدا٦٥ ڕاگەیاندرا، واتە لەسەدا ٥ی بەشداریی خەڵک بە بەراورد لەگەڵ دەورەی پێشوو زیادی کردبوو، تەنانەت ئاماری تایبەت بە کوردستان و بەلووچێستانیش دووقات و سێ قات لەسەر ژمارەی بەشداریی بۆ یەکەم مەجللیس ڕاگەیاندرا. لەو ساڵەدا لە ئێران ٢٤ملیۆن و ١٤٣ هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەبوو کە ١٥ ملیۆن و ٦٠٧ کەس بەشدارییان تێدا کرد بوو، واتە لەسدا ٦٥ی ئەو ڕێژەیە.

لەو هەڵبژاردنەدا حیزبی کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵگەی ڕوحانیەت لە تاران ٢٥ ناوی هاوبەشیان هەبوو کە ناسراوترینی ناو یان ئەکبەری هاشمی ڕەفسەنجانی یەکەم کەسی

> **لە خولی شەشمدا، لە تاران ٧٠٠ هەزار دەنگ و لە ئەراک ئاکامی ٣١ سندوقی لابران**

تاران بوو کە جارێکی دیکە بووە سەرۆکی مەجلیس، مەهدی کەڕووبی نەفەری دووهەم لە تاران و محەممەد یەزدی محەممەد مەهدی ڕەبانی ئاملشی بوون بە جێگری سەرۆک مەجلیس.

لەو دەورەیەدا خامنەیی چووبووە قووەی موجریە و مستەفا چەمرانێش مردبوو و مەهدی بازرگان و یەدوڵلا سوبحانی نەیاندەتوانی بچنە مەجلیسەوە. هەروەها لە سەردەمی مەجلیسی دووهەمدا کێشەکانی نێوان سەرۆک وەزیران میر حوسەین مووسەوی و سەرۆک کۆمار عەلی خامنەیی لە ئارادا بوو و قووەی موجریەی تووشی گرفت کردبوو.

مەجلیسی سێهەم

هەڵبژاردنی ئەو دەورەیە ڕێکەوتی ١٩ فەروەردینی ١٣٦٧ ئەنجامدرا و ڕێژەی بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی سێهەم لە سەدا ٦٠ ڕاگەیەنرا. هەڵبژاردنەکان کاتێک ئەنجام درا کە حیزبی کۆماری ئیسلامی نەما بوو و لادانی بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵگەی ڕووحانیە موبارزەکان هەڵبژاردنی کردبووە گۆڕەپانی ململانێی چەپ و ڕاستەکانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران. یەک ساڵ پێش ئەو هەڵبژاردنانە مەهدی کەڕووبی محەممەدی خووئینیها، محەممەد ڕەزا تەوەسولی و سەیدمەهدی ئیمامی جەمارانی بە ئیزن وەرگرتن لەڕێبەری ئەو دەم وەکو ڕەوتی چەپ و خەتی ئیمامی کۆمەڵگای ڕۆحانیەت خۆیان جیا کردەوە و کۆمەڵگای ڕۆحانیەتی موبارزیان ڕاگەیاند، لەو دەورەیەدا لەو ٢٧ ملیۆن و ٩٨٧ هەزار کەسەی کە مافی دەنگدانیان هەبوو، ١٦ ملیۆن و ٧١٤ هەزار کەس بەشداربوون، واتە لەسەدا ٦٠ی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کرد لە تاران کە دەکاتە لە سەدا ٤٣ی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبووە.

ڕادەی بەشداریی لە تاران دابەزیی بۆ لەسەدا٤٣، کە لەچاو دەورەی دووهەم کەم بوونەوەی لەسەدا١٧ی بە خۆوە بینی بوو، بەڵام کەهکویلیە و بویر ئەحمەد لەسەدا ٩٤ و لە ئیلام کە ناوچەی شەڕ بوون لەسەدا ٨٦ بەشدارییان کردبوو.

لەو مەجلیسە زۆربەی ئەندامان، چەپی خەتی ئیمام بوون بە سەرۆکایەتی کەڕووبی، لەبەر ئەوەی ڕەفسەنجانی بوو بە سەرکۆمار، کەڕووبی جێی گرتەوە و ئەویش ئەسەدوڵلا بەیاتی و حسەین هاشمیانی کرد بە جێگری سەرۆکی مەجلیس لەو دەورەیەدا.

لەو هەڵبژاردنەدا بوو کە لەسەر کێشەی نێوان وەزارەتی ناوخۆ و عەلی ئەکبەر موحتەشەمی ڕووحانی چەپ، کە خاوەن بیرۆکەی ڕاست بوو و بەرپرسی شۆرای نیگابانیش بوو، بووە هۆی دووبارە ژماردنەوەی دەنگەکان و دەستێوەردانی عەلی خامنەیی بە قازانجی ڕوحانییە چەپەکانی خەتی ئیمام بوو بە گرینگترین ڕووداوی ئەو دەورەیە. ئەوە یەکەمجار بوو دەفتەری ڕێبەری وڵات هاتە نێو کایەی هەڵبژاردنەکانەوە و بە باوەڕی زۆربەی لێکدانەوەکان ئەوە ناساغترین هەڵبژاردنی ئێران بوو تا ئەو دەمە.

بەرچاوترین سیماکانی خەتی ئیمام کەسانێک بووە وەک: فەخرەدین حەجازی، نەجەفقولی حەبیبی، عەبدولواحد مووسوی لاری، هادی غەفاری، مستەفا موعین و ئیبراهیم ئەسغەرزادە.

مەجلیسی چوارەم

ئەم هەڵبژاردنە لە ٢١ی فەرەوەردین ١٣٧١ بەڕێوەچوو، ڕێژەی بەشداریی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە لەسەدا٥٨ بوو و لەشارەکانی ئیسفەهان و تاران کەمتر لە سەدا ٥٠ ڕاگەیانرا. ئەو دەورەیە هاواهەنگ بوو لەگەڵ دەورانی «سازەندەگی» بە سەرۆکایەتی ڕەفسەنجانی سەرکۆماری ئەوە دەم.

لەو دەرەیەدا بوو کە برگەی سێهەمی یاسای هەڵبژاردنەکان کە لە ساڵی ١٣٦٢ دانرابوو جێبەجێ کرا؛ لەم برگەیەدا چاوەدێری شۆرای نیگابان بۆ سەر هەڵبژاردنەکان لە هەموو کاروباری تایبەت بە هەڵبژاردندا بە چاودێری «ئێستسوابی» دانرا. شۆرای نیگابان ٨٠ کەس لە پاڵۆێراوانی چەپی ڕەت کردەوە، چاوەدێری شۆرای نیگابان و ڕەتکردنی پاڵێوراوانی چەپ بووە هۆی ئەوەی کە دەنگی مەجلیس لە پشتیوانی ڕوحانیە چەپەکانەوە بەروە پشتیوانی لە ڕاستەکان بگۆڕدرێ کە لەو دەرەیەدا پشتیوانیان لە ڕەفسەنجانی دەکرد. لە ئاکامی هەڵبژاردنەکاندا لەو ٣٢ ملیۆن و ٤٦٥ هەزار کەسەی کە مافی دەنگدانیان هەبوو،١٧ ملیۆن و ٧٦٧ هەزار کەس بەشدار بوون، واتە لەسەدا ٥٨.

لەو مەجلیسەی کە ڕووحانیەتی موبارز پێکیان هێنابوو، عەلی ئەکبەر ناتق نووری بوو بە سەرۆکی مەجلیس، حەسەن ڕووحانی و سەید ئەکبەری پەروەرش، محەممەد عەلی موەحێدی کرمانی و حسەین هاشمیان جیگرەکانی بوون.

شتێکی سەرەنج ڕاکێش لە تاران لەو دەورەیەدا ڕوویدا، ئەویش ئەوە بوو کە پێشکەشکارێکی بەرنامەی تەلەفزیۆنی ئەخلاق لە خانوادە کە ناوی «سەید عەلی عەکبەر مووسەوی حسەینی» بوو لە تاران بە زیاتر لە ٩٣٨ هەزار دەنگ یەکەم هاتەوە کە لە ڕەوتی چەپی ڕووحانیەتی موبارز بوو. لەو دەورەیەشدا بوونی ئۆپۆزێۆسیۆن و دژبەرانی دەسەڵاتی سیاسی بەدیار نەکەوت.

مەجلیسی پێنجەم

ئەو هەڵبژاردنە لە ١٨ی ئیسفەندی ١٣٧٤ بە بەشداری چوار ڕەوتی سیاسی بەڕێوەچوو، یەکیان خەتی ئیمام، دووهەم کۆمەڵگەی ڕووحانیەتی موبارز، سێهەم کارگوزارانی سازەندگی و گرووپی بەرگری لە سەروەرییەکانی شۆڕشی ئیسلامی بوون.

ڕێژەی بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا لەسەدا ٧١ ڕاگەیەنرا کە بەرزترین ڕێژەی بەشداریی کردن بووە لە هەڵبژاردنەکانی تا ئەو دەمی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی. لەو دەورەیەدا لە ٣٤ ملیۆن و ٧١٦ هەزار کەسەی مافی دەنگیان هەبوو، ٢٤ ملیۆن و ٦٨٢ هەزار کەس بوون کە دەکاتە لە سەدا ٧١،کە بە بەراورد لەگەڵ دەورەی پێشتر بەشداریی بە ڕێژەی لەسەدا ١٤ بەرز ببووەوە. لەو دەورەیەدا بوو کە بەهادین ئەدەب نوێنەری سنە بوو بە ئەندامی مەجلیس.

مەجلیسی شەشەم

لە ڕۆژی ٣٠ی بەهمەن (ڕێبەندان)، ١٣٧٨ بەڕێوەچوو و لەو ٣٨ ملیۆن و ٧٢٦ هەزارکەسەی کە مافی دەنگدانیان هەبوو ٢٦ ملیۆن و ٨٢ هەزار کەس بەشدارییان کرد، کە دەکاتە لە سەدا ٦٧ی ئەو ڕێژەیە، لە تاران لەسەدا ٥٠ بەشدارییان کرد.

مەجلیسی ئەو دەم لە سەردەمی سەرکۆماری محەممەد خاتەمی بوو کە هەر لەو کاتەشدا تیرۆرە زنجیرەییەکان و هێرش کردنە سەر زانکۆی تاران ڕوویاندا. لەو کاتەدا مەهدی کەڕووبی بەرپرسی مەجلیس و محەممەد ڕەزا خاتەمی و بێهزاد نەبەوی بوونە جێگرەکانی سەرۆکی مەجلیسی ئەو دەم. یەکێک لە ڕووداوەکانی ئەو دەرەیە ئەوە بوو کە لە تاران ٧٠٠ هەزار دەنگ لە لایەن شۆرای نیگابانەوە لابران و غوڵامعەلی حەدادی عادل توانی لە جیاتی عەلیڕەزا ڕەجایی بڕواتە مەجلیس و بووە بەرپرسی فراکسیۆنی ئەقەلیەتی موحافزەکاران. هەروەها لە ئەراک شۆرای نیگابان ئاکامی ٣١ سندوقی لابرد و نەیهێشت ڕەحمان کارگوشا بڕواتە مەجلیسەوە.

لەو دەرەیەدا کێشەکانی نێوان

> **هەڵبژاردنەکانی خولی حەوتەم بە دەسپێکی گۆڕانکارییەکان لە پێکهاتەی سیاسی دەسەڵاتدا دادەنرێ**

وەزارەتی ناوخۆ و شۆرای نیگابان لەسەر هەڵبژاردنەکان سەری هەڵدا و مستەفا تاجزادە بەرپرسی ستادی هەڵبژاردنەکانی وەزارتی ناوخۆ و ئەحمەدی جەننەتی بەرپرسی شۆرای نیگابان کاریان کێشایە دادگا و شکایەتیان لەسەر یەک تۆمار کرد. کە شکاتی بەرپرسی ستادی هەڵبژاردنەکان لە ئەحمەد جەننەتی هیچی لێ دەستەبەر نەکرا.

مەجلیسی حەوتەم

هەڵبژاردنی ئەو دەورەیە لە یەکەم ڕۆژی ئیسفەند (ڕەشەمە)ی ١٣٨٢ لە کاتێکدا بەڕێوەچوو کە دەیان نوێنەری مەجلیسی شەشەم دەستیان لە کار کێشابووەوە و لە بینای مەجلیسدا مانیان گرتبوو، سەبارەت بە حەولەکانی شۆرای نیگابان لەسەر ڕەت کردنەوەی ٣٦٠٠ پاڵۆێراو لە نێوان ٨١٥٠ پاڵۆێراو کە خۆیان بۆ ئەندامەتی لە مەجلیسی شۆرای ئیسلامیدا کاندید کردبوو. لەو کاتەدا زۆربەی وەزیرانی کابینەی خاتەمی و پارێزگارەکان و جێگرەکانیان و موشاوێرانی سەرکۆمار بە توندی دژی ئەو ڕەت کردنەوانە وەستانەوە. حیزبی سەرەکی ئیسلاح تەڵەبەکانیش ڕایانگەیاند کە نوێنەر هەڵنابژێرن، لەبەر ئەوەش وەزارەتی ناوخۆ کرایە بەڕیوەبەری هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی حەوتم، لەبەر ئەوەی خۆی ناڕزایی بوو لە دەس شۆرای نیگابان.

لەو کاتەدا ٤٦ ملیۆن و ٣٥١ هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەبوو و ٢٣ ملیۆن و ٧٣٥ هەزار کەس بەشدار بوون کە دەکاتە لەسەدا ٥١ی ئەو ڕێژەیە. شۆرای نیگابان لەو کاتەدا ڕایگەیاند کە ئەو هەڵبژاردنە بێ وێنە بووە، بەڵام وەزارەتی ناوخۆ لە ئامارەکانیدا ڕایگەیاندبوو کە ڕێژەی بەشداریی تا ئەو دەمە لە هەڵبژاردنەکانی دەورەی حەوتەم کەمترین ڕێژە بووە لە ٧ دەورەیدا. بۆ نموونە لە...

بۆ ل ٧